شیعر



کنێر حەسەن

# تێکەڵاوبوون

وەک سۆفییێک، ئازاد لە هەموو تەریقەتێ
لە تەکیەیێکی بێ ناونیشان دەگەڕێم، بۆ فەنابوون لە تۆ!
تۆ تەریقەتێکم بۆ دیارکە و
تێکەڵاوم بە، وەک خوا!
زۆر بێنازم، کاتێ بە تەنیا روحم دەبێتە پڵپڵە و
گریانیشم ئاوازی ژەنینی دەفێک بە دەستی تۆوە!
من تەنیام، کاتێک زیکر بە ناوی تۆوە دەکەم و
نازانم ئیماندارم یان نا،
نازانم سۆفیم، یان هەموو ئەم پەرتووکانەم کە دژی سۆفیزم دەنووسرێن!
من بێ ئەوەی فەنابم لە تۆ، لە خوا و سنوورەکان، ون دەبم،
ونم لە نێو چرکەکانی دێن و ساڵەکان لە روحم دەڕنن،
دەیانخەنە سەبەتەی بەسەرچوون!
من هەمیشە لە زیکرم، لە زیکری بەسەرچوون و ژیان و گریان و عەشق
دوای ماندووبوونم لە شادی
دوای بێتاقەتبوونم لە گریان
دوای دابڕان لە بەسەرچوون و ژیان،
دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ!

تۆ، بە تەنیا هەر تۆ دەبیتەوە خوای من!
هەر بە تەنیا پەرستنی تۆ بە تەکیە و
فەنابوونیش هەر بە تەنها، فەنابوون لە تۆ، دەبێتەوە ئامانجی من!
هەر بە تەنیا ڕێگەی چاوانی تۆ دەبێتەوە ئارامیی من...
وەرە بمخوێنەوە
ڕوحێکی زیانبەخش لە خوێنمدایە!
وەرە رزگارم کە، ڕوحێکی ئاوێزان بە مۆتەکە، دەگەڕێ بە دەمارەکانمدا!
ببە بە ئاو و پەڕۆیەکی سەوزی پیرۆز
ئازادم کە لە ئازار!
وەرە بە تەنیا بمبینە
من ئازادم لە هەموو جوانییەک، وڵاتێکم بە بێ ئاین،
ئاینی خۆتم پێشکێش کە!
ئازادم کە لەم بێ بڕواییەی بەرەو جەهەنەمم دەبات،
داگیرم کە وەک داگیرکار، تا هەتایە دڵم دەکەم بە سەرانە و
ڕوحم بە باج، دەیدەم بە تۆ!
وەرە، وەک ئازادکار
وەک کۆلێرا، وەک شیفا، وەک تۆفان، وەک ڕۆژ...
وەک چۆن دەتەوێ وەرەوە نێو وڵاتەکەم، سنوورێکم بۆ بێنەوە لە عەشق،
من هەموو ساتێک لە خۆم دەپرسم و ناگەمە وەڵام
من دێم و دەتدوێنم، تا لە بێدەنگیت نەخنکێم
دەپرسم و هەزاران پرسیار دەنێرم بۆ ئاسمانی ئاڵۆزی تۆ و
دواتر هەرخۆم، لە ژێر بارینەوەی پرسیار بێدەنگ دەبم و
بۆ دواجار، بە ئەسپایی پێت دەڵێم:
تۆ پیرۆزی، بەڵام توانیت ڤایرۆسئاسا بمکوژیت و
لە خۆتدا بە بێ دەنگی بمنێژی!
من کێڵێکم لەسەر دەستێکت، کێلەکەی ترم لە دەستەکەی ترتدایە،
لاشەشم لە هەموو خانەیەکی تۆ،
من ئێستا هیچم لێ نەماوەتەوە
من ئێستا هیچ نیم، جگە لە تۆ!

٧ / ٢٠٠٨